دوای سێ دەیە لە زیندانەکانی تورکیا هاوڵاتییەکی باکووری کوردستان ئازاد کرا

دوای سێ دەیە لە زیندانەکانی تورکیا هاوڵاتییەکی کورد ئازاد کرا.

هاوڵاتی بایرام ئەسلان کە خەڵکی باکووری کوردستانە لە ئەیلولی 1993 لە ناوچەی مووش دەستگیرکرابوو، دوای 30 ساڵ زیندانیی کردن ئازادکرا و بە زەماوەند لە ئامەد پێشوازیی لێکرا.

بایرام ئەسلان لە ڕێککەوتی 24ـی ئەیلولی 1993 بە تەمەتی (تەکدانی یەکپارچەیی و یەکیەتیی تورکیا) زیندانیی کرا، بەوهۆیەوە دادگای ئامەد 30 ساڵ سزای زیندانی بەسەر ئەسلان سەپاند.

ئاسلان لەبەردەم زیندان لەلایەن بنەماڵەکەی و لە ناوچەی بسملی ئامەدیش لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازی لێکرا.